ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# The Human Rights Situation in Iraq from 1991 to 2003 in the Reports of the United Nations Commission on Human Rights

**Jalel hama Huseen Salah**

**General Directorate of Education in Sulaymaniyah**

**Email:** Jalel.hamahuseen@gmail.com

***Keywords:***

**united nations, human rights, Max van der StoelK , Andreas Mavromatis, Iraq**

CC BY

**A r t i c l e   i n f o**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

A B S T R A C T

This research paper examines the state of human rights in Iraq during the period from 1991 to 2003, based on reports issued by the United Nations Commission on Human Rights. It highlights the international attention given to the human rights situation in Iraq during that time, particularly following the Gulf War. The study also reviews the efforts and activities undertaken by the United Nations through its special committees to investigate and document human rights violations. Furthermore, it discusses the deterioration of human rights conditions during those years, as well as the political, social, and economic factors that contributed to this situation. Finally, the paper points to the changes and reforms that emerged after the war, aimed at promoting individual freedoms and safeguarding citizens' rights.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5098

# وضع حقوق الإنسان في العراق بين عامي (١٩٩١-٢٠٠٣) في تقارير لجنة الحقوق الإنسان التابعة للأمم المتحدة

**م.م. جليل حمه حسين صالح**

**مديرية العامة لتربية في السليمانية**

**الملخص:**

تتناول هذه الورقة البحثية وضع حقوق الإنسان في العراق خلال المدة من (١٩٩١ - ٢٠٠٣) بالاعتماد على تقرير لجنة حقوق الإنسان التابعة للأمم المتحدة، كما تسلّط الضوء على الاهتمام بوضع حقوق الإنسان في العراق خلال تلك المدة، ولا سيّما بعد حرب الخليج، وتتحدث عن جهود ونشاطات الأمم المتحدة من خلال لجانها الخاصة للتحقيق في الانتهاكات وتوثيقها، وتتطرق إلى تدهور حالة حقوق الإنسان في تلك السنوات، والعوامل السياسية والاجتماعية

والاقتصادية التي أثّرت على ذلك الوضع، كما تشير إلى التغيّرات والإصلاحات التي ظهرت بعد الحرب بهدف تعزيز حرية الفرد وحقوق المواطنين.

**الكلمات الإفتتاحية:** الأمم المتحدة ، حقوق الانسان ، فان ديرستويل ، اندرياس مافروماتيس ، العراق.

## ڕەوشی مافی مرۆڤ لەعێراق لەساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ لەڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان

**م.م. جەلیل حمە حسێن صالح**

**مامۆستای یاریدەدەر: بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی**

**پوختە:**

ئەم توژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا لەماوەی مێژوویی (٢٠٠٣.١٩٩١) لە ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکاندا، باس لە هەوڵ و چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە دەکات لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا و ئەو پێشێلکاریانەی لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە و ئەو زەمینەسازیەی لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری عێراقدا کاریگەریان لەسەر ڕەوشی مافەکانی مروڤ هەبووە لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان لەڕێگەی لیژنەی تایبەتمەندەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی خراپی مافەکانی مرۆڤ و ڕێگریەکان لێی و باشکردنی بارودۆخەکە داویەتی، ئەو ڕاپۆرتانەی سەربە ڕێکخراوەکە دەخاتە ڕوو کە لە ڕێگەی لیژنەکانی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەمان مەبەست ڕەوانەی عێراق کراون لە (٢٠٠٣٩.١٩٩١)، هاوکات باس لە ژینگەی عێراق دەکات بۆ دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە دوای جەنگی کەنداو و ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەڵوێستی ئەو وڵاتە بۆ باشترکردنی ئازادی تاک و دەستەبەرکردنی مافەکانی هاوڵاتیانی ڕوویداوە.

**کلیلە وشە:** نەتەوەیەکگرتووەکان، لیژنەی مافی مرۆڤ، ڤان دیرستویل، ئەندریاس مافروماتیس، عێراق.

**پێشەکی:**

لەئەنجامی شکستی عێراق لە جەنگی دووەمی کەنداو و لەماوەی ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ بە قۆناغێکی لاوازدا تێپەڕی، لەسەر ئاستی دەرەوە گۆشەگیرکرا و خرایە ژێرچەندین بڕیاری نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بڕیارەکانی بەسەردا سەپێنرا و دەست لە کاروباری ناوخۆیی وەردرا کە پێشینەی نەبوو، ئەمریکا هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەوسیاسەتە، لیژنەی مافی مرۆڤ سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەچاودێری کردن و بەبەڵگەنامەکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق لەڕێگەی ڕاپۆرتی ساڵانە و ناردنی نێردەی تایبەت، ئەم بەڵگەنامانە سەرچاوەی گرنگن بۆ تێگەیشتن لەڕووکاری سیستمی سیاسی لەماوەی فەرمانڕەویی سەدام حسێن لەماوەی ١٩٩١-٢٠٠٣.

ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق بڵاودەکرانەوە زۆرمەترسیدار بوون پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن بوو، ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتیەی هاتەکایەوە دوای جەنگە دووەمی کەنداو ڕێگە خۆشکەر بوو بۆئەوەی عێراق بخرێتە ژێرچاودێری وملکەچ بکرێت بە بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە.

گرنگی توێژینەوەیە، هەوڵدان بۆتۆمارکردنی سەرجەم ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر هاوڵاتیانی عێراق ئەنجام دراوە لەلایەن لیژنەیەکی نێودەوڵەتیەوە، هەروەها بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانەکانی ڕژێمی سەدام حسین بەتایبەتی ئەوتاوانانەی بەرامبەر کورد ئەنجامی داوە شاڵاوی ئەنفال بەنمونە، زیاتر لەوە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ توێژینەوەی

دیکە بەتایبەتی بەتایبەت لەبواری جینۆساید و هەرپێشێلکاریەکی تر بەرامبەر کوردو هاوڵاتیانی تری عێراق کرابێت. لەڕاستیدا ئەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ توێژەرانی هاوچەرخ لەڕێگەی شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکان دەتوانرێت وێنەیەکی ڕوون لە پێشێلکاریەکان بەدەستبهێنین.

ئامانجی توێژینەوە ، خستنەڕووی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەعێراق لەو ماوە مێژووییەدا لەڕێگەی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان و کاریگەری دەستوەردانی لیژنەکە لەسەر پاراستنی مافە بنەڕەتیەکان مرۆڤ لەعێراق لەوماوەیەدا، جگە لەوەش خستنەڕووی کاری لیژنەکە لە چۆنیەتی دەستکەوتنی زانیاری و هەوڵی چارەسەری ئەو پێشێلکاریانە و وەرگرتنی بریارو ڕێوشوێنی نێودەوڵەتی.

بۆ خستنەڕووی زانیاریە مێژووییەکان لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتودی مێژوویی پەسنی و شیکاری بەستراوە و بەپێی ئەم دوو میتۆدە زانیاریە بەردەستەکان ڕێکخراون .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە سەرەکی و گرنگانە بداتەوە کەبریتیە لە: نەتەوەیەکگرتوەکان چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕەوشی مافی مرۆڤ لەعێراق کردوە، تا چ ئاستێک توانیویەتی پیشێلکاریەکان تۆماربکات، کاریگەری چی بووە لەگۆڕانکاری لەبیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت وێرای ئەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لەعێراق ئەنجام دراوە لەو ماوە مێژوویەدا، بەڵام بایەخ سەرچاوەناوخۆییەکان دراوە یان بەشێکی بچوک بۆ هەوڵە نێودەوڵەتیەکان تەرخان کراوە، ڕۆڵی لیژنەکانی مافی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکدا نەخراوەتە ڕوو.

لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوە بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهاتووە بەڵگەنامەوە ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکانە گرنگترینیان ڕاپۆرتی ساڵانەی لیژنەی مافی مرۆڤ سەربە نەتەوەیەکگرتووەکانە.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەروازە و دوو باس پێکهاتوە لەکۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دانراوە. دەروازە تەرخانکراوە بۆ بارودۆخی عێراق لەسەروبەندی جەنگی کەنداو، باسی یەکەم بەناونیشانی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاراستنی مافی مرۆڤ، بابەتی یەکەم تیشک دەخاتە سەر: هەوڵەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ نەتەوە یەکگرتووەکان، بابەتی دووەم تایبەتە بە ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣. باسی دووەم بەناونیشانی مافی مرۆڤ لەژێر چاودێریدا: بابەتی یەکەم تیشک دەخاتە سەر: ڕەوشی مافی مرۆڤ دوای جەنگ، بابەتی دووەم تایبەتە بە گۆڕینی هەڵوێستی عێراق بەرامبەر ڕەوشی مافی مرۆڤ

**دەروازە:**

**بارودۆخی عێراق لەسەروبەندی جەنگی کەنداو:**

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق – ئێران لە ئابی ١٩٨٨، عێراق توشی قەرزداری بوو بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارانە داوای لە کوەیت کرد بەشێک لەو قەرزانە لە ئەستۆ بگرێت، بوو بەهۆکارێک گرژیەکانی نێوان عێراق و کوەیت بگاتە ئاستێکی توند. عێراق هەڕەشەی لە کوەیت دەکرد. لەم کاتەدا هێشتا خاوەنی هێزێکی سەربازی زۆر و چەکی بێ شوماربوو. ئەم دۆخە هاندەر بوو بۆ عێراق، ئەو بیرەی لا دروست ببوو لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە توانا سەربازییەکان، چارەسەری کێشەی قەرزە زۆرەکانی بکات، دەرەنجامەکەی داگیرکردنی کوەیت بوو بەئاسانی و بەخێرایی قەرەبووی قەرزەکانی دەکرێتەوە.(عزیز، ٢٠١٠: ٥٣)

لە ٢ئابی ١٩٩٠ زیاتر لە ١٠٠هەزار لە ئەندامانی گاردی کۆماری و هێزی تایبەتی حکومەتی عێراق، سنوری نێودەوڵەتی کوەیتیان بەزاندوو بەخێراییەکی زۆر بەرەو پایتەخت ڕۆیشتن. لە بەرەبەیانییەکی زوودا، دەنگی تەقەی فیشەک و فڕۆکە و تانکی عێراقی، کوەیتییەکانی بەخەبەرهێنا، دەسەڵاتداران بەرەو عەرەبستانی سعودیە هەڵهاتن. حکومەتی عێراقی بەپێی ڕاگەیەنراوێکی فەرمی شکست و ڕوخاندنی ئال سباحی ڕاگەیاند. ( جەلال، ٢٠١٦: ٨٠)

داگیرکردنی کوەیت کاردانەوەی ناوچەی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیاری ٦٦٠ی دەرکرد دژ بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە. لە بڕیارەکەدا بەتوندی، ئیدانەی دەست درێژی عێراقی بۆ سەرخاکی کوەیت کرد. داوای کرد، عێراق بەبێ هیچ مەرجێک بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی پێش ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ لێی بوو. هەروەها پەلە بکرێت لەدانوستاندن لەنێوان عێراق و کوەیت بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان، پشتگیری خۆی ڕاگەیاند بۆهەرهەوڵێک دەخرێتەگەڕ( UN,S/RES/660:1991)، لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بڕیاری ٦٦٠ و نەکشانەوەی لە کوەیت لە ٦ ئابی ١٩٩٠ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٦١ دەرکرد، لە ڕووی ( ئابووری و بازرگانی و دارایی و سەربازی) گەمارۆی ئابووری خرایەسەرعێراق، لەبەرهۆکاری مرۆیی خۆراک و پێداویستی پزیشکی نەدەگرتەوە( UN,S/ RES/661: 1991).

پاش هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکان و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان و بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کشانەوە لە کوەیت، بەڵام عێراق سەرجەم داواکارییەکانی پشتگوێ خست، سووربوو لەسەر نەکشانەوە لە کوەیت. لە ٢٩ تشرینی ١٩٩٠ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٧٨ دەرچوو کۆتا هەلیان دا بە عێراق، ئەگەر تا ١٥ کانونی دووەم نەکشایەوە، هەموو ڕێکارێکی پێویست دەگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٦٠ و سەرجەم بڕیارەکانی تر لەپێناو گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە( UN,S/ RES/678: 1991). وادەی ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٥ کانونی یەکەم کۆتایی هات و عێراق لەخاکی کوەیت نەکشایەوە. هاوپەیمانان لەشەوی ١٧ کانونی دووەم ١٩٩١ پێش کاتژمێر ٣ بەیانی فڕۆکەی نایت هۆک ئێف F.117 لە ئاسمانی بەغدا بوون ( مورای، جونیور، ٢٠٠٥: ١٠.٩)

تارق عزیز لە ٢٧ شوبات ١٩٩١، لەنامەیەکیدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ڕایگەیاند، ڕەزامەندە بە جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٦٠ و سوپاکەی دەکشێنێتەوە بۆ پێش ٢ ئاب ١٩٩٠، هەروەها پابەندە بە بڕیاری ٦٦٢، ٦٦٧ لەکاتێدا ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ڕاگرتنی کردە سەربازییەکانی ئاسمانی و وشکانی و ئاوی بدات( الحرب علی العراق، ٢٠٠٧: ٤١٦) لە ٣ ئازار ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٦ دەرکرد، پاش ئەوەی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی بە ڕازیبون بەسەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیاری وەستاندنی هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق دەرچوو ( UN,S/ RES/686: 1991.

جەنگی کەنداو زیانێکی گەورەی بە ژێرخانی ئابووری عێراق گەیاند، لە تەواوی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازیی و نەوت و زیاد بوونی قەرزە کەڵەکەبووەکان. بەهۆی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری سەرعێراق، زیانی زۆری بە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و ڕێگاوبان گەیشت و تێچونەکەی دەگەیشتە ١٩٠ ملیار دۆلار. زیانە داراییەکانی هێندە زۆربوون، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەیمس بیکەر (١٩٨٩-١٩٩٢) بە تاریق عزیزی وتبوو:" بەم جەنگە عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە شۆڕشی پیشەسازی"( جەلال، ٢٠١٦: ٩٠)

پاش شکستی عێراق لە جەنگی کەنداو و کشانەوەی لە کوەیت، بارودۆخ لە بەرژەوەندی عێراق نەبوو گۆڕانگاریی لە شێوازی سزاکان کرا. ئەنجومەنی ئاسایش لە ٣ نیسان ١٩٩١ بڕیاری ٦٨٧ دەرکرد. بە گوێرەی بڕیارەکە، سزاکان بەردەوام بوون، بەڵام ناوەڕۆک و ئامانجەکانی گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەم بڕیارە چوارچێوەیەکی بۆ عێراق دانا کە چۆن بژی بە

درێژایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەو چوارچێوەیەدا کاریکرد. ئەم بڕیارە بە گوێرەی بەندی ٧ نەتەوەیەگرتووەکان دانرا، بەردەوامی ئەدا بە شەرعییەتی بڕیارەکانی ڕابردووی (نبلوک، ٢٠٠١: ٣٥)، پێکهاتبوو لە ٣٩٠٠ وشە و ٣٤ بەندی لە خۆگرتبوو بەدرێژترین بڕیاری نەتەوەیەگرتووەکان دادەنرێت، بڕیاری گەڕانەوەی دەسەڵات و سەربەخۆیی و سەروەرێتی کوەیت و گەڕانەوەی حکومەتی کوەیتی تێدا هاتبوو. مەرجەکانی وەستاندنی جەنگ ، بابەتی سنوور، پێکهێنانی سندوقی قەرەبووکردنەوە، بە فەرمی ناساندنی کوەیت، لەناوبردنی سەرجەم چەکە کۆمەڵکوژەکان، چارەنوسی گیراو و بێسەروشوێنەکانی کوەیت و وڵاتانی تری دەستنیشان کردبوو ( عەبدوڵا، ١٩٩٨: ٢٦)

**ڕاپەڕینەکانی کوردو شیعە ساڵی ١٩٩١:**

خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی عێراق لە ٢٨ شوباتی ١٩٩١ دەستپێکرد کاتێک ئاگربەست بەتەواوەتی کاری پێکرا، کاروانێک تانک لە کوەیت گەڕانەوە فەرماندەکەیان لە گۆڕەپانی سەعد لە بەسرە لەسەر تانکەکەی ڕووی کردە وێنەی سەدام حسین بە دەنگی بەرز هاواری کرد ئەو دۆڕان و شەرمەزاری و ڕیسواییە بەسەرماندا هات لە ئەنجامی گەوجێتی و هەڵەو کردارە نابەجێیەکانی تووە بوو، کۆمەڵێک هاوڵاتی لێی کۆبونەوە فەرماندەکە چوە ناوتانکەکەی گولە تۆپێکی نا بە وێنەی سەدام حسین ڕاپەرینێکی کلاسیکی بەرپا بوو. سەدام حسێن بەرەنگاری گەورەترین هەڕەشەی سەر دەسەڵاتەمەی بویەوە ( مەکیە، ب ساڵی چاپ: ٢٣) ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشوری عێراق دەستی پێکرد، هەندێک لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لە سنوری ئێران لە ناوچەی شەلامچە و بوبیان و لە ڕێگەی شەت ئەلعەرەب چونە ناو بەسرە، هێرشیان کردە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و بارەگاکانی پارتی بەعس و بنکەی پۆلیس و بەندکراوەکانیان ئازادکرد. دەستیانگرت بەسەر شاری بەسرە ( المعموري، ٢٠٢١: ٤٤٥) لە ٥ ئازار ١٩٩١ ڕاپەڕین شاری سەماوە و دیوانیە وعەمارە و حلله و نەجەف و کەربەلا و کوت گرتەوە (الحرب على العراق، ٢٠٠٧: ٤٦١)

لە ئەنجامی ڕێکەوتنی سەفوان لە نێوان عێراق و هاوپەیمانان، ڕێگە بە عێراق درا هێلیکۆپتەر و موشەکی کورت مەودای ١٥٠ کم بەکاربهێنێت ( بینگو، ٢٠٠٣: ١٨٩) . لەبەرئەوە ڕێگە بۆعێراق خۆش کرا بوو هێز بەکاربهێنێت. لە ٦ ئازار ١٩٩١ دوو فەیلەقی گاردی کۆماریی بە مەبەستی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین بە ئاڕاستەی باشور ڕۆشتن . لە ١١ ئازار ١٩٩١ حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، بەتەواوەتی کۆنترۆڵی شارەکان باشوری کردووە .(الحرب على العراق، ٢٠٠٧: ٤٦١)

چەند ڕۆژێک دوای ڕاپەڕینی شیعەکانی باشور، ڕاپەڕینی هاوشێوە لە کوردستان ڕوویدا، بەڵام پێشترلە سەروبەندی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، بەرەی کوردستانی خۆیان ئامادە کردبوو بۆ ڕاپەڕین، لە بەرئەوەی پێویست بوو لەسەر عێراق هێزەکانی لە باکور کەم بکاتەوە بۆ بەهێزکردنی بەرەی باشور ( بینگو، ٢٠٠٣: ٣٠٧)

لە ٥ ئازاری ١٩٩١لە ڕانیە، پیاوانی ئەمن دەستیان کرد بە هەڵمەتێکی دەستگیرکردن دژی هاولاتیان، بەتایبەتی ئەو سەربازانەی لە جەنگ هەڵهاتبوون. عەلی نەبی، دژی ئەو مەفرەزەیە دەوەستێتەوە. پاش پەیوەندی کردن بە پێشمەرگە، توانییان ئەو مەفرەزەیە دەستگیر بکەن. ئەم ڕووداوە بووە کڵپەی ڕاپەڕین و هاوڵاتیان دەستیان کرد بە ڕاپەڕین و هێرشیان کردە سەر دامودەزگاکانی بەعس، دەستیان بەسەردا گرت و فیرقەی ٢٤ بە چەکەکانیانەوە خۆیان ڕادەست کرد. لە ٧ ئازار ڕاپەڕین لەشاری سلێمانی دەستی پێکرد، پێشمەرگە هاتنە ناوشار و بە پشتیوانی جەماوەر، هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیس و سەربازگەی سوپا و باڵەخانەی پارێزگا هەموو شوێنەکان دەستی بەسەردا گیرا، جگە لە ئەمنە سورەکە، پارێزگاری لێ دەکرا، بە هێزی سەربازی و ئەمنی لە ڕۆژی ٨ ئازار سلێمانی بەتەواوەتی ئازاد کرادوای نیوەڕۆی ١١ ئازار ١٩٩١هەولێر ئازاد کرا و ڕێگای کەرکوک کەوتە ژێر چاودێری پێشمەرگە. لە هەمان ڕۆژدا، ئۆردوگاکانی سەربە هەولێر و شارۆچکەی پردێ ئازادکرا. لە ١٢ ئازار ١٩٩١ئاکرێ و بەردەڕەش، لە ١٣ ئازار ١٩٩١ شێخان و مەخمور و زاخۆ ئازادکرا، لە ١٤ ئازار ١٩٩١ دهۆک ئازاد کرا ( مستەفا، ٢٠١٨ : ١٣٨)

**باسی یەکەم: ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاراستنی مافی مرۆڤ:**

نەتەوە یەکگرتووەکان(١)وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئامانجی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی وڵاتان و پاراستنی مافی مرۆڤە، لیژنەی مافی مرۆڤ وەک بەشێک لەدامەزراوەکانی ئەو ڕێکخراوە و لایەنێکی بەرپرس لە پاراستنی مافی مرۆڤ هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ خستنەڕووی پێشێلکاریەکان و بە بەڵگەنامەکردنی بەتایبەتی لەعێراق لە ساڵی ١٩٩١–٢٠٠٣.

**١–١: هەوڵەکانی لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

تاوەکو داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە لە ٢ ئابی ١٩٩٠ سەختی دۆخی مافی مرۆڤ لەعێراق تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگوێ خرابوو، سەرەڕای ئەوەی دوو بانگەواز لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی تر کرا . لەدوای کشانەوەی سوپای عێراق لە ٢٦ شوبات ١٩٩١ لەکوەیت و دوبارە دەستگرتنەوە بەسەر سەروەری ئەوڵاتە جارێکی تر هاوڵاتیانی وڵاتەکە مەترسی پشتگوێ خستنیان لەسەربوو :IRAQ, MDE 14/05/91) 1991).

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی(٢)و ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ(٣) بەمەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو تۆمارکردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن بەعسەوە هەنگاوی گرنگیان نا(مەکیە، ب ساڵی چاپ:١٦)، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ١٦ نیسانی ١٩٩١ نامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی عێراق کرد بە وردی ئەو زانیاریانەی ئاشکرا کرد سەبارەت بە پێشێلی مافی مرۆڤ لە لایەن هێزە عێراقیەکان لە سەروبەندی ڕاپەڕین لە باکور و باشوری وڵات، دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان و بێسەروشوێن کردن لە سێدارەدان بەبێ دادگایی کردن بوونی هەبوە داوای ڕاکرتنی لە حکومەتی عێراق کردوە.(IRAQ,MDE14/05/91:1991)، بۆ ئەم مەبەستە لەنیسانی ١٩٩١ سەردانی کوەیتیان کرد و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پەنابەرە شیعەکان کردبوو کەزۆرینەیان لەشاری ناسریە و نەجەف و کەربەلا و بەسرە و سەماوە هاتبون، هەروەها لەمانگی ئایار سەردانی کەمپی پەنابەرانیان کرد لەئێران وتورکیا،ئەوکوردانەی لە تورکیا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو لەزاخۆ و دهۆک هەڵهاتبون،ئەوکوردانەی لەئێران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوبوو لەسلێمانی هەولێر و دهۆک هەڵهاتبون، هەروەها ئاوارەی عەرەبی شیعە لەئێران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو، لە ١ ئایار١٩٩١ نوینەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان عبدالامیر ئەنباری وەڵامی نامەکەی دایەوە و ئامادەی عێراقی پیشاندا بۆ هاوکاری کردنی لیژنەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە مرۆییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان .(IRAQ, MDE 14/05/91: 1991)

لیژنەی مافی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان وەک لایەنێکی بەرپرس لە پاراستنی مافی مرۆڤ لەجیهاندا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر عێراق لە خولی چل وحەوتەمینی لیژنەکە لە ٦ ئایار ١٩٩١ بڕیاری ١٩٩١/٧٤ دەرکرد بەناونیشانی (بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق) ئەم بڕیارە ئاماژەی بەو ڕاپۆرتانە کردبوو سەبارەت بەو پێشێلکاریە ترسناکە جۆراوجۆرەی مافی مرۆڤ لەعێراق وەک دەستگیرکردن بەبێ یاسا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد، ڕاگواستنی زۆرەملێی سەدان هەزار کورد وێرانکردنی شارو گوندەکانی کورد و دورخستنەوەسەدان خێزانی تر، هەروەها ئاماژەی کردبوو بەنکوڵی کردن لەئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری. (UN, A/46/647 :1991)

لەبڕیارەکە داوای لەعێراق کردبوو ڕێزگرتنی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان مسۆگەربکات، هەروەها بەتایبەت داوای کردبوو بەڕاگرتنی لەسێدارەدان بەبێ یاسا و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و ئەوکارانەی دەبنەهۆی بێسەروشوێن کردن و ئەشکەنجەدان. لیژنەکە داوای لەسەرۆکەکەی کرد بەگوێرەی بڕیاری ١٩٩١/٧٤ بڕیاردەرێکی تایبەت دابمەزرێنێت بۆ هەستان بەلێکۆڵینەوەی ورد لەپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراوە، هەروەها لیژنەکە

داوای کرد کە بڕیاردەری تایبەت زانیاریەکان کۆبکاتەوە ئەویش لەڕێگەی ڕێکخراوە حکومیە نێودەوڵەتیەکان و ناحکومیەکان، هەر سەرنجێک حکومەتی عێراقی پێشکەشی بکات، بەگوێرەی بڕیارەکە دەبێت عێراق هاوکاری لیژنەکە بکات.(UN, A/46/647 :1991)

لە ٢٥ حوزەیران ١٩٩١ ماکس ڤان دیرستویل(٤)بە بڕیاردەری تایبەت دەستنیشانکرا، دەستپێکی کارەکانی بەناردنی نامەیەک بوو لە ٢٢ تەموز ١٩٩١ بۆ تارق عەزیز (١٩٨٣-١٩٩٢) وەزیری دەرەوەی عێراق دوای کرد پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تایبەتمەند لەحکومەتی عێراق هەبێت. لە ٢٧ ئاب لەگەڵ ڕاوێژکاری نێردەی عێراق لەنەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوەوە، نێردەی عێراق ئامادەیی پیشاندا بۆ هاوکاریکردنی لیژنەکە و ڕەزامەندی پیشاندا بۆ سەردانیکردنیان بۆ عێراق. ماکس ڤان دیرستویل ئاماژەی بەوەدا کە سەرەتا باشترین ڕێگەی لێکۆڵینەوە ئاڵوگۆڕی نامەی نوسراوە، لەو ماوەیەی لەسەری ڕێکەوتون پێویستە بڕیاردەری تایبەت نوسراوێک بدات بەحکومەتی عێراق تا ناوەڕاستی مانگی ئەیلول تێپەڕنەکات بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ماوەی وەڵامدانەوەی هەبێت،ئاڵوگۆڕی نامە تا کۆتایی ساڵ بەردەوام بێت و تاوەکو کاتی سەردانیکردنی بۆ عێراق نزیک بێت لە کۆتایی ساڵ.بڕیاردەری تایبەت وای دەبینێت لەم ڕێگەیەوە زانیاری کۆدەکرێتەوە پێش ئەوەی سەردانی عێراق بکات(UN, A/46/647 :1991).

لە کاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری ڕەوشی عێراق دەبێت وئامانجی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤە هەوڵی ناردنی لیژنەی داوە لەڕێگەی بڕیاردەری تایبەت ماکس ڤان دیرستویل پەیامێک ئاڕاستەی عێراق کردووە لە پەیامەکەدا داوای مۆڵەتی سەردانی عێراقی کردووە، مەرجی سەردانیکردنی چاوپێکەوتنێتی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی عێراق و هەرناوچەیەک و ناوەندێک و دامەزراوەیەک کە بیەوێت سەردانی بکات و بۆ ئەم مەبەستە لە ١٦ ئەیلول١٩٩١ لەیاداشتێکدا ئاراستەی وەزیری دەرەوەی عێراق کرد، ئاماژە بەوە دەکات سەرەتاکانی کانونی دووەمی ١٩٩٢ سەردانی عێراق دەکات و داوادەکات چاوی بکەوێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری دەرەوە و وەزیرە تایبەتمەندەکان و هەرناوچەیەک و ناوەندێک و دامەزراوەیەک کە بیەوێت سەردانی بکات، ١٥ تشرینی دووەم ١٩٩١ دوا وادەیە بۆ وەڵامدانەوە. لە نامەکەدا چەندین پێشێلکاریەکانی دەربارەی تاوانەکانی  حکومەتی عێراق دەخاتە ڕوو دەربارەی کوشتنی هاوڵاتیان و ئەشکەنجەدان و بێسەرو شوێن کردن، هەروەها سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی شیعە لە باشوور وکورد لە باکور، شیکردنەوەی یاسا وڕژێمی فەرمانڕەوایەتی لە عێراق، لەیاداشتەکەیدا پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەعێراق خستوتەڕوو دابەشیکردوە بەسەر چەند پێشێلکاریەکدا و ڕونکردنەوەی لەسەریانداوە کەبریتین لە:

١ – ڕاگرتن یان دەستگیرکردن لەدەرەوەی یاسا

٢ – بێسەرو شوێنکردن

٣ – ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە

٤ – کوشتن بەبێ ڕێوشوێنەکانی دادگا وەک کوشتنی سیاسی و لەسێدارەدان لەدەرەوەی یاسا و بەڕێوشوێنی کورت

٥ – کۆنترۆلکردنی مانگرتنی گشتی

٦ – بەبارمتەگرتن و بەکارهێنانی قەڵغانی مرۆیی لەکارە دوژمنکاریەکاندا

٧ – یاسا کارپێکراوەکان وەک ڕێکخراوی سیاسی دادگا تاوان

٨ – حاڵەتی تاکەکەسی وەک دەستگیرکردنی ئەبو قاسم خوئی و ئایان ریختر

٩ – کاریگەری لێبوردنی گشتی

١٠– مامەڵەی کەمینەکان وک کورد و تورکمان

١١– دەستکەوتنی خۆراک و چاودێری تەندروستی.(UN, A/46/647 :1991)

پاش ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراق ماکس ڤان دیرستویل بۆیەکەم جار سەردانی عێراقی کرد وەک بریاردەری تایبەت سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان له ٣ تا کانونی دووەمی ١٩٩٢.بەرنامەی سەردانەکەی بریتی بوو لە دوو ڕۆژ و نیو لەشاری بەغدا ڕۆژێک لە نەجەف و کەربەلا دوو ڕۆژ لەهەرێمی کوردستان و بەیانیەک لە بەندیخانەی ئەبوغرێب، لەم سەردانەیدا چاوکەوت بە وەزیری دەرەوە و ناوخۆ و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوقاف و کاروباری ئاینی و داد و جێگری سەرۆک وەزیران، مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی، هەروەها ئەولیپرساوە حکومیانەی لەلیژنەی ڕاوێژکاری بۆ مافەکانی مرۆڤ لەوەزارەت دەرەوە و پارێزگاری نەجەف و کەربەلا و سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوە و بەڕێوەبەری بەندینخانەی ئەبو غرێب و هەڵسورێنەری کاروباری پارێزگای هەولێر و ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە عێراق و ئەمینداری گشتی یەکێتی مافپەروەرانی عەرەب لقی عێراق و ئایەتوڵڵا قاسم خوئی و کوڕەکەی محمد تەقی خوئی و سەرۆکی سێ تایەفەکەی مەسیحی لەعێراق و نوێنەری لقی هەولێرو سلێمانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و نوێنەری لیژنەی هەولێر و سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەحاڵەتەکانی بێسەرو شوێنکردنی هاوڵاتیانی کورد و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک لەقوربانیان و شاهیدەکان لەهەرێمی کوردستان. دوای عێراق سەردانی ئێران و سعودیەی کرد بۆ گوێگرتن لەپەنابەر عێراقیەکان،لەئێران سەردانی کەمپی کانجافار سفیدئاغا لەکرماشان لە ١٣-١٤ کانونی دووەمی ١٩٩٢ ، کەمپی ئەشرەف ئەسفەهان و ئەنصار لە خوزستان لە ١٥کانونی دووەم هەروەها لە ئەهواز. لەسعودیە سەردانی کەمپی عرطاویە لە ١٧-١٩ کانونی دووەم ١٩٩٢ (UN, S/23658.Add.1 :1992)

ماکس ڤان دیرستویل پاش سەردانەکەی بۆ عێراق ڕاپۆرتێکی ٩٧ پەڕەیی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرد ئاماژە بە چەندین پێشێلکاری جۆراوجۆر کردبوو بۆنمونە پاش سەردانی کردنیان بە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرد ئاماژەیان بە چەندین پێشێلکاری جۆراو جۆری مافی مرۆڤ کردوە، بۆنمونە لە سەردانێکیاندا بۆ بەندیخانەی ئەبو غرێب ٩٦ کەس لە یەک ژوردا بوون چاوەڕێی لە سێدارە دانیان کردوە بەشێوەیەکی ڕۆتینی بە بێ دادگایی کردن، گۆڕێکی بە کۆمەڵیان دۆزیوەتەوە لەهەولێرروفاتی ١٩ گەنجی تێدا بووە لە ساڵی ١٩٨٦ بەتۆمەتی ئەنجامدانی هەوڵی تیرۆرکردنی پارێزگاری هەولێرکوژراون. تاریق عەزیز لە کۆبونەوەی لەگەڵ لیژنەکە ڕایگەیاندبوو ڕێزگرتنی عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ بەرەو باش بوون دەچێت کاتێک سزاکان لە سەری لادەبرێت، بوونی سزاکان وا لە عێراق دەکات کە پێشێلی مافی مرۆڤ بکات.(UN, S/23658.Add.1 :1992)

ماکس ڤان دیرستویل دەڵێت " تاوانی زۆر گەورەن، ئەوەندە گەورەن لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم هاوشێوەی نیە "(مەکیە، ب ساڵی چاپ:١٦).

بەلام بەشێوەیەکی گشتی پێشێلکاریەک دابەشکردبوو بەم شێوەیە:

١ - لەسێدارەدان لەدەرەوەی یاسا یان بەڕێوشوێنی کورت

٢ - ئەشکەنجەدان و مامەڵەی توندو نامرۆڤانە

٣ - بێسەرو شوێنکردن

٤ - دەستگیرکردن لەدەرەوەی یاسادادگا و سەروەری یاسا

٥ - ئازادی بیروبۆچون و ڕادەربڕین و پێکهێنانی کۆمەڵە

٦ - دەستکەوتنی خۆراک و چاودێری تەندروستی

٧ - ژنان و منداڵان

٨ - مافی موڵکایەتی

٩ – پێشێلکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان کورد وەک کۆمەڵکوژی – گەمارۆی ئابووری – ئۆئۆنۆمی ئاشوری – تورکمان – شیعە.

١٠ – بەبارمتە گرتن و بەکارهێنانی وەک قەڵغانی مرۆیی

١١– پەنابەران(UN, S/23658:1992)

یەکێک لەکارەکانی ئەم لیژنەیە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەیە لەچەندین سەرچاوەی جیاواز و ئەوزانیاریە جیاوازانەی لەسەرچاوەی جیاواز پێیان دەگەیشت، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە گشتی و تایبەتیانەی بەدەستیان دەگەیشت،شایەتیدانی قوربانیەکان وەردەگیرا، ڕاپۆرت و شایەتیدانەکان پشت بەستوو بوو بە وێنەو ڤیدیۆ و بەڵگەنامەی فەرمی.ئەکێک لەوکارانە لێکۆڵینەوەبوو لەوبەڵگەنامانەی دەستیان بەسەردا گیرابوو لە نوسینگەکانی هەواڵگری لەکوردستان کە بریتی بوو لە ٤,٥ تەن بەڵگەنامە لە ٨٤٧ کارتۆن، ئەم بەڵگەنامانە بەلیژنەیەک سپێردرابون کاریان ڕێکخستن وشیکردنەوەی بەڵگەنامەکان بوو. (UN, E/CN.4/1993/45:1993)

لە ئازاری ١٩٩٣ لیژنەی مافی مرۆڤ بە پشت بەستن بە بڕیاری ١٩٩٣/٧٤ داوایەکی بڕیاردەریان پەسەند کرد بۆ داواکردن لە سکرتێری گشتی بۆ ناردنی چاودێری مافی مرۆڤ بۆ ئەو ناوچانەی بە ئاسانتر زانیاریان دەست دەکەوێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت بە شێوەیەکی باشتر و یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەربەخۆی لێکۆڵینەوە دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق. لە کانونی یەکەمی ١٩٩٣ چاودێرەکان لە هەرێمی کوردستان بڵاو بونەوە داوایان کرد لە سەرجەم ناوچەکان بڵاوببنەوە، ساڵانە ئەم داواکاریە دووبارە ئەکرایەوە، لە ساڵانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٨ عێراق ڕێگەی نەئەدا بە چونە ناوەوەی چاودێرانی مافی مرۆڤ، کاریا دەکرد بە شێوەی تیمی بچوک کە بارەگاکەیان لە جنیف بوو. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەچوونە وڵاتانی دراوسێی عێراق لە ئوردن و تورکیا و لوبنان و عەرەبستانی سعودی و ئێران و کوەیت(منظمة العفو الدولية، MDE 14/012/2003)

ماکس ڤان دیرستویل وەک بڕیاردەری تایبەت ساڵانە ڕاپۆرتی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ پێشکەش بە لیژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرد، هەرچەندە عێراق ڕێگەی نەدەدا سەردانی ئەو وڵاتە بکات بەڵام لەڕێگەی سەرچاوە جیاوازەکانەوە زانیاری کۆدەکردەوە لەکارەکەی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٩٩ دەستی لەکارکێشایەوە، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ بەڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی خولی ٥٥ ئەندریاس مافروتیس بەبڕیاردەری تایبەت دانرا لە ٢٢ کانونی یەکەمی ١٩٩٩ ڕەزامەندی پیشاندا لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ٢٠٠٠ دەستبەکاربوو.(UN, E/CN.4/2000/37:2000)

لەئەنجامی دروستکردنی لیژنی مافی مرۆڤ و سەردانیکردنیان بۆ عێراق دەگەینە ئەوڕاستییەی کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئاستێکی خراپدابووە و نەتەوەیەکگرتووەکان بەگرنگییەوە کاروچاکیەکانی ئەنجامداوە و لەوماوەیەدا بەووردی باودۆخی ژیانی هاوڵاتیانی عێراقی خراوەتەڕوو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگارکراوەتەوە، توانیویانە گوشار بخەنە سەر عێراق بەگۆڕینی هەندێک شێوازی مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی عێراق.

**١–٢: ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ ١٩٩١–٢٠٠٣**

لە دوای بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەک تایبەت بەمافی مرۆڤ لە عێراق ڤان دیرستویل کرا بە بڕیاردەری تایبەت، ساڵانە ڕاپۆرتی گشتگیریان لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق بڵاودەکردەوە، لەم ڕاپۆرتانەدا لەسەرەتادا چالاکیەکانی بڕیاردەری تایبەیان بڵاودەکردەوە لەماوەی ئەوساڵەدا ئەنجام دراون وبەگشتی ئاماژەیان بەڕەوشی مافی مرۆڤ دەکرد، دواتر

بەوردەکارییەوە بەشێوازێکی ڕێکخراو پێشێلکاریەکان دەخاتەڕوو، جۆرەها پێشێلکاری مەترسیداری تۆمارکراون لەبواری مەدەنی،کلتوری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەم ڕاپۆرتانە هەزاران لاپەڕەی شایەتحاڵ و نزیکەی هەزاران بەڵگەنامەی فەرمی عێراقی و وێنەی ئاسمانی و مانگی دەستکرد و نزیکەی سەد شریتی ڤیدیۆ و هەندێک تۆماری دەنگی بەکارهێنراوە، لەگەڵ چەندین بەڵگەی بەرجەستە وەک برینداربونی جەستەیی و پاشماوەی کیمیایی لەخاکدا، هەروەها ڕاوبۆچونی پسپۆڕان و توێژەرە زانستیەکان وەرگرتوە، ڕاپۆرتی شیکاری و دەستنیشانکردنی پزیشکی لەبەرچاوگیراوە، جگە لەوەی سەردانی نزیکەی ۱۰ وڵات کراوە بۆ وەرگرتن و پشت ڕاستکردنەوەی بەهەموو جۆر وسەرچاوەکانیەوە، لەماوە چوارساڵی یەکەمی دەستبەکاربوونی لیژنەکە نۆ بەڵگەنامەی جیاواز ئامادە کراوە نزیکەی ۵۰۰ پەڕەیە.

ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لەعێراق لە نێوان ساڵانی ۱۹۹۱-۲۰۰۳ زانیاری جۆراوجۆ تۆمارکراوە لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ، سەرجەم ئەوپێشێلکاریانە دەخەینەڕوو کە لە ڕاپۆتەکان هاتووە بەم جۆرەیە :

١- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی چل وشەش، ساڵی ۱۹۹۱

لەڕاپۆرتەکەدا ئامار و زانیاری لەسەرئەو وڵاتانە ئەخاتە ڕوو حالەتی دەستگیرکردن و بێسەروشوێنکردن ڕودەدات، عێراق وەک وڵاتێک ڕێژەیەکی بەرزی تێدایە لە پەڕەی ٥٤ باسی دەکات. ئاماژە بەوە دەکات لەو زانیاریانەی لەتیمەکانیان دەستیان کەوتوە ٤٦٤ حالەتی بیسەروشوێنکردن هەبوە،۱۱۱ حالەت لەساڵی ۱۹۸۷، لە ۲۷-۲۹-۳۰ /ئاب ۱۹۸۸ ۳۵۳حاڵەتی دەستگیرکردنی کورد هەبووە کەزۆرینەیان مەدەنی بوون لە ڕێکان لە ئامێدی هەموو ئەندامانی خێزانێکیان دەستگیرکردوە، پیاوەکانیان جیاکردۆتەوە ئەشکەنجەدراون لەلایەن هەواڵگری سەربازی هەموو ئەوانەی دەستگیرکراون بەتۆمەتی تاوانی سیاسی وئەمنی بوە. سەبارەت بەبێسەروشوێن کردنی ۲۲۸۰ کەس لە بارزانیەکان عێراق داوای داختنی ئەو دۆسیە دەکات لەبەرئەوەی کە پێی وایە لەشەری عێراق -ئیران ئەو عەشیرەتە هاوکاری سوپای ئیرانیان کردوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ناوچەکانی حاجی ئۆمەران وپێنجوێن و سیدەکان بگرن، لەکاتی دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەوناوچانە لەلایەن سوپای عێراق بەشێکیان هەڵهاتن بۆ ئێران و بەشێکیتریان کوژراون.پێشنیار دەکات پەیوەندی بەدەسەڵاتدارانی ئێران بکەن بۆئاشکراکردنی چارەنوسیان. (UN, E/CN.4/1991/20:1991)

٢- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی چل ونۆ، ساڵی ۱۹۹۳

لەم ڕاپۆرتەدا باس لەسێدارەدان بەڕێوشوێنی کەم یان لەدەرەوەی یاسا، لەم خاڵەدا باس لە لەسێدارەدانی ٤٢ بازرگان دەکات لە ٢٦ تەموز ۱۹۹۲، ئەم بازرگانانە لەگەڵ کۆمەڵێک گەورەبازرگان و خاوەن کاری تر لە ٢٥ تەموز دەستگیرکران ، ئەم بازرگانانە دادگایی و لەسێدارە دران بە چەند ڕێوشوێنێکی کەم و جەستەیان پیشانی خەلک درا بۆ ئەوەی خەلکی تر چاوترسێن بکەن. سەدام حسێن لەوتارێکدا" وتی یاسامان جێبەجێکرد بۆ لەسێدارەدانی ئەو کەسانەی مافی ئەوەیان نیە لەژیاندا بن"

ڕاپۆرتەکە ئەم تەوەرانەی تر لەخۆدەگرێت لە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی توند و نامرۆڤانە و ناپیشەییانە، دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردن لەدەرەوی یاسا، ئازادی ڕادەربڕین و دروست کردنی کۆمەڵە، دەستکەوتنی خۆراک و چاودێری تەندروستی، بێسەرو شوێنکردن، لەم خاڵەدا باس لە بێسەرو شوێنکردنی بارزانیەکان لە ساڵی ۱۹۸۳، شاڵاوی ئەنفال ساڵی ۱۹۸۸ بەتایبەتی شاڵاوی ئەنفالی سێ لەناوچەی گەرمیان، پێشلکردنی مافی کەمە نەتەوەیی و ئاینیەکان بریتییە لە:

أ- کورد، خستنەڕوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەسەرتای هەلبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان حکومەتی هەرێمی کوردستان، خستنەڕوی چەوساندنەوەی کورد لەهاتنی بەعسیەکان بۆسەردەسەڵات و تەعریبی کوردستان و شالاوی ئەنفال،

ئەودەستدرێژیانە حکومەتی عێراق بۆسەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ناردنی ئوتومبێلی بۆمبڕێژکراو تەقینەوەیان لەشوێنە گشتیەکان و گەمارۆدانان لەسەر هەرێمی کوردستان، کێشەی مین

ب- ناوچەکانی باشوری عێراق، پێشێلکردنی مافە مەدەنیەکان، وێرانکردنی ژینگە، گەمارۆی ئابووری، پێشێلکاری بەرامبەر شیعە

لەم ڕاپۆرتەدا ئالوگۆڕی نامە لەگەڵ حکومەتی عێراق خراوەتە ڕوو، ئەوەی جێگەی بایەخە لەم ڕاپۆرتەدا کۆمەڵێک بەڵگەنامە خراوەتە ڕوو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش ڕاپەڕین زۆرینەیان پەیوەستە بە کورد لە کوشتن و فراندن و هەنگاوەکانی کۆنترۆل کردنی کوردستان، جگە لەخستنەڕوی بەڵگەکانی شاڵاوی ئەنفال بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان (UN, E/CN.4/1993/45:1993)

٣- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی پەنجا ، ساڵی ١٩٩٤

لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەناردنی چاودێرانی مافی مرۆڤ بۆ سنوری عێراق لە تورکیا و ئێران دەکات، هەروەها تەوەرەیەک تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ئابووری و سیاسی و گەمارۆی ئابوری عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق پرسی سەروەری وڵاتەکەی خستوتەڕوو بەمەبەستی سنوردارکردنی هاوکارییە مرۆییەکان لەهەمان کاتدا خۆی لەبەرپرسیارێتی لەم هەرێمە بێبەری ئەکات.

لەم ڕاپۆرتەدا پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: پێشێلکاریەکان دژی دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی پێکدێت لە، لەسێدارەدان بەبێ دادگایی کردن یان بەڕێوشوێنی کورت، بێسەروشوێن کردن، ئەشکەنجەدان و سزای قورس و نامرۆڤانە، دەستگیرکردن بەبێ ڕێوشوێنە یاساییەکان، ئازادی ڕادەربڕین و دروستکردنی کۆمەڵە، ئازادی نیشتەجێبون هەڵبژاردن شوێنی مانەوە، مافی بونی ڕەگەزنامە، مافی موڵکداری، هەلی دەستکەوتنی خۆراک و چاودێری تەندروستی، مافی پەیوەست بوون بە فەرمانڕوایی دیموکراسی، بارودۆخی ژنان و منداڵان، لەخالێکی تردرپێشێلکاری بەرامبەر کەمە نەتەوەیی و ئاینیەکان دەخاتە ڕوو بریتیە لە: ئاشوری، کورد -بەشێوەی گشتی -کێشەی مین - ئەنفال ، عەرەبی زۆنگاوەکان، شیعە،تورکمان. گرنگی ئەم ڕاپورتە لەو خۆی دەبینێتەوە کۆمەڵێک بەڵگەنامە خراوەتەڕوو کە زۆرینەیان لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان دەرچوە لەنێویاندا دەزگا ئەمنیەکان لەکوردستان و خستنەڕوی ڕوداوەکانی شالاوی ئەنفال. (UN, E/CN.4/1994/58:1994)

٤- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی پەنجاویەک ، ساڵی ١٩٩٥

لەم ڕاپۆرتەدا ئەم بابەتان لەخۆ دەگرێت، ڕێکخستنی سیاسی و یاسایی بۆ سەرکوتکردن، نمونەی یاسای سەرکوتکەر، هەوڵەکانی دەستکەوتنی خۆراک و چاودێری تەندروستی، خستنەڕووی ئەو بڕیارە سەرکوتکەرانەی لەساڵی ١٩٩٤ دەرچوە (UN, E/CN.4/1995/56:1995).

٥- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی پەنجاودوو ، ساڵی ١٩٩٦

لەم ڕاپۆرتەدا لیژنەکە بەتوندی سەرکۆنەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کردوە بەشوەیەکی بەرفراوان و ترسناک بونی هەیە، حکومەتی عێراق بەرپرسیارە بەرامبەری و لەئەنجامی سیستمێکی سەرکوتکەر و گۆشەگیر بەهۆی تیرۆر فراوانتر دەبێت، ئەم پێشێلکاریانە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: ڕێکخستنی سیاسی و یاسایی بۆ سەرکوت کردن، پێشێلکاری مافی مەدەنی، دەستکەوتنی خۆراک و چاودێری تەندروستی، ڕاپرسی ١٥ تشرینی یەکەم ١٩٩٥ بۆ بوونی سەدام حسین بەسەرۆک کۆمار (UN, E/CN.4/1996/61:1996)

٦- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی پەنجاووسێ ، ساڵی ١٩٩٧

له ٢١ شوباتی ١٩٩٧ ماکس دیر سویل ڕاپۆرتی پێشکەش کرد، هەرچەندە حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لەهاوکاری نەکردنی لیژنەکە بەڵام لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە ئاگاداری ڕەوشی مافی مرۆڤ بوو،لەرێگەی کارمەندی نەتەوەیەکگرتوەکان لەرێگەی چونیان بۆ وڵاتانی دراوسێی عێراق بەدیاریکراوی سێ نێردە نێردراون، له ٤-١٠ نیسان ١٩٩٦ سەردانی ئوردن یان کردوە، له ١٣-٢٥ سەردانی ئێرانیان کردوە، له ٢٠-٢٧ کانونی دووەمی ١٩٩٧ سەردانی کوەیت و ئوردن یان کردوە.

لەم ڕاپۆرتە ئەم پێشێلکاریانە خراوەتەروو، پێشێلکاری مافی سیاسی و مەدەنی، پێکدێت له بارودۆخی گشتی، مافی ژیان و ئازادی، بێسەروشوێنکردن، ئازادی بیروبۆچون و ڕادەربڕین. هەروەها مافی پێدانی خۆراک و چاودێری تەندروستی پێکدێت لەبارودۆخی گشتی، بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک. (UN, E/CN.4/1997/57:1997)

٧- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی پەنجاوپێنج ، ساڵی ٢٠٠٠

لەم ڕاپۆرتەدا ئەم بابەتان لەخۆ دەگرێت، مافی ژیان، دەستگیرکردن و ڕاگرتن لەدەرەوەی یاسا، ئەشکەنجەو مامەڵەی نامرۆڤانە، چارەنوسی کوەیتیەکان، چارەنوسی عێراقیە بێسەروشوێنەکان لەکاتی داگیرکردنی کوەیت، دەستدرێژی بۆسەر ئۆپۆزسیۆن و کەسوکاریان وهەڕەشە لێکردنیان، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی هاوڵاتیان و بەعەرەبکردن ئەوناوچانەی لێیدەرکراون، مافی سیاسی، بابەتی مرۆیی. (UN,A/55/294:2000)

٨- لیژنەی مافی مرۆڤ خولی خولی پەنجاوحەوت ، ساڵی ٢٠٠١

لەم ڕاپۆرتەدا ئەم بابەتان لەخۆ دەگرێت، بابەتی مرۆیی، لەسێدارەدان لەدەرەوەی یاسا و بەبێ دادگا، هێرشی چەکداری بۆسەر گوندەکان، ئەشکەنجەدان و سزای توند و نامرۆڤانە، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی هاوڵاتیان و بەعەرەبکردنی ئەوناوچانەی لێیدەرکراون، بێسەروشوێنەکان( کوەیتی و عێراقی). (UN, E/CN.4/2001/42:2001)

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان لەدەرخستنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەعێراق جیاوازە، ئەوەی جێگەی سەرنجە له ڕاپۆرتەکانی ساڵی ١٩٩١، ١٩٩٣، ١٩٩٤ جەخت لەتاوانەکانی عێراق دەکاتەوە پێش داگیرکردنی کوەیت وەک تاوانی ئەنفال و کیمیایبارانی ناوچەکانی کوردستان و بێسەروشوێنکردنی و لەسێدارەدانی هاوڵاتیانی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق و چەندین تاوانی تر، پێشتر چاوپۆشییان له هەموو ئەو تاوانانە کردوە، بەڵام بەهۆی شکستی عێراق له جەنگی دووەمی کەنداو و سەپاندنی چەندین سزا بەسەریدا و هەوڵدان بۆ تاوانبارکردنی، ئەم تاوانانەیان پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوە و هەوڵیانداوە لەم ڕێگەیەوە زیاتر عێراق گۆشەگیر بکەن.

لەراپۆرتی ساڵی ١٩٩٥ تارووخانی ڕژێمی سەدام حسێن جەختکردنەوە بووە له بارودۆخی ئەوکاتی عێراق لەرووی پێشلکاری مافی مرۆڤ و ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون دژی بنەماکانی مافی مرۆڤە، جگە لەسێدارەدان و دەستگیرکردن لەدەرەوەی یاسا و هێرش بۆ سەر ئۆپۆزسیۆن و تەعریبکردنی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

**باسی دووەم: مافی مرۆڤ لەژێر چاودێریدا**

**٢-١: ڕەوشی مافی مرۆڤ دوای جەنگ**

پاش کۆتایهاتنی جەنگی کەنداو و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعە و دروستکردنی ناوچەی ئارام بۆکورد قۆناغێکی نوێ لەعێراق دەستیپێکرد پێویست بوو خۆی لەگەڵ ئەوبارودۆخە بگونجێنێت بەتایبەت کاتێک عێراق لەژێرچاودێری ڕێکخراوە

نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ بوو، جگە لەوەی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان بەکۆمەڵێک بڕیار کۆت وبەند کردبوو، پێویست بوو ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت مافی مرۆڤ بپارێزێت، بەڵام دەسەڵات لەعێراق نەرمیەکی ئەوتۆی نەنواند بەڵکو لە هەندێک بوار توندتری کردو یاسای نامرۆڤانەی دانا لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ نەدەگونجا.

وشککردنی زۆنگاوەکان لە باشوری عێراق لە ساڵی ١٩٩٢ یەکێک بوو لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی بە بیانوی دروستکردنی ئاوبارە ( ڕووباری سێیەم)(٥) بە مەبەستی ئاودانی زەوی خوێیاوی ناوچەکە، سەدام حسێن فەرمانی هەڵکەندنی چاڵی بەرفراوانی کرد بۆ ڕێگری کردن لە ئاوەڕۆی دیجلەو فورات کە دەڕژانە زۆنگاوەکانەوە بەم کارە بەشی زۆری زۆنگاوەکانی وشک کرد، خێزانە عەرەبەکان ناچار دەبوون شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێ بهێڵن و سوپای عێراق لە شوێنەکانیان نیشتەجێ ئەبوون (مەکیە، ب ساڵی چاپ:٣٥).

لە ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات لە نیسانی ١٩٩١ چەند بابەتێک لە ڕۆژنامەی سەورە زمانحاڵی بەعس بڵاوکراوەتەوە دەربارەی عەرەبەکانی زۆنکاوەکان شێوەیان دەچوێنێت بە شێوەی مەیمون، بە عێراقی ڕاستەقینە دایان نانێت و بەڵکو کۆیلە بوون لە سەدەکانی ناوەڕاست هێنراون بۆ باشووری عێراق، ئاستی ڕۆشنبیریان سەرەتاییە و عێراقی نییە، (UN, S/23658/Add.1:1992) ماکس ڤان دیرستویل ڕایگەیاند " ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆکاری وشک بونی ناوچە زۆنگاوەکان و پیسبوونی ژینگەی لێدەکەوێتەوە جگە لەوەی دانیشتوانی ناوچەکە ڕادەگوێزرێن کە ماوەی چەند ساڵە لە ناوچەکەدان و کلتوری خۆیان پاراستوە، هەڕەشەیە بۆسەر بژێوی ڕۆژانەیان جگە لە شوێنەواری خراپی ژینگەیی. ئەو پرۆژەیە بۆ دەست بەسەراگرتنی تەواوەتی ناوچەکەیە لەلایەن حکومەتەوە پێویستە پرۆژەکە رابگیرێت تا هەڵسەنگاندنی بۆ ژینگەیی ناوچەکە و راویژ لەگەڵ دانیشتوان دەکرێت (UN, S/24386:1992)

حکومەتی عێراق دانیشتوانی ناوچەکەی بە زۆرەملێ ڕاگواست و گەمارۆی ئابووری لە سەر ناوچەی زۆنگاوەکان دانا بۆ ماوەیەکی درێژ، ڕێگای چونی خۆراک و دەرمانی لێگرتون هەوڵی دەستگیرکردنی دەدان بە هۆکاری تاوانبار بوون، هەموو ڕێکخراوە مرۆییە ناحکومیەکانی لە ناوچەکە دورخستەوە، لە ٢٩ تەموز ١٩٩٢ جارێکی تر بریاردەری تایبەت لە نامەیەکیدا بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق هۆشداری دەدا لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ وەک پەلەکردنی عێراق لە دروست کردنی ڕووباری سێیەم و وشک کردنی زۆنکاوەکان، زۆربوونی کوشتن بە بێ ڕێکارەکانی دادگا و لەسێدارەدان و ئەشکەنجە دان و بێ سەرو شوێن کردن، داوای لە حکومەتی عێراق کردئەو کارانە ڕابگرێت و ڕێز لە کەمینەکان بگرێت (UN, S/24386:1992)

یەکێک لەو بڕیارانەی ڕەچاوی مافی مرۆڤی نەدەکرد بڕیاری ژمارە ١٠٩ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٨ ئابی ١٩٩٤، بە گوێرەی ئەم بڕیارە دزینی بکات دەستی دەبڕدرێت ئەگەر تاوانەکەی دوبارە کردەوە داخ دەکرێت بو دوو هێڵی یەکتربڕ، داخ کردن لە نەخۆشخانەی گشتی جێ بەجێ ئەکرێت( الوقائع العراقية، ٣٥٢٥، ١٩٩٤: ٢٦٨) کاردانەوەی خەڵکی ئاسایی بەم کارە بێ وێنە بوو، لە ئۆکتوبەری ١٩٩٤ لە ناوجەرگەی شاری بەغدا دوو قوڵبڕاو گوێچکە بڕدراو خۆیان کوشت. لە شاری ناسریە پزیشکێک لە لایەن دەست بڕاوێک کوژرا، پزیشکەکان مانیگرتنیان ڕاگەیاند پاشان بڕیاری ژمارە ١١٧ دەرچوو ئاڕاستەی سەرجەم پزیشکەکان کراوە و تێیدا هاتوە هەرکەسێک بەشداری یان یارمەتی جوانکاری ئەو کەسانە بدات کە بەشێوەیەکی فەرمی بەشێکی جەستەیان شێوێنراوە توشی سزای دەست بڕینەوە ئەبن. بۆ هێورکردنەوەی خەڵکی لە بڕیارەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو سزای دەست بڕین یان گوێ بڕین چارەسەر ئەکرێت ئەگەر سزادراوەکە کارێکی نیشتیمانی بکات (مەکیە، ب ساڵی چاپ:١٣).

جگە لە کوشتن و بێ سەرو شوێنکردن لێسەندنەوەی رەگەزنامە بوو، لە ساڵی ١٩٩٥ رەگەزنامەی لە هەریەک لە محەمەد مەهدی جەواهیری و عبدالوهاب بەیاتی و سەعد بەزاز سەندەوە بە تۆمەتی خیانەت کردن وخۆفرۆشی (صاغية، ٢٠٠٣: ١١٩)

دەستگیرکردن و تیرۆرکردنی زانایانی ئاینی شیعە یەکێک بوو لەو کارانەی رژێمی سەدام حسین پێی هەڵدەستا، لە دوای مردنی مەرجەعی ئاینی ئایەتوڵلا ئەبو قاسم خوئی(٦) ئایەتوڵلا عەلی سیستانی(٧)بە جێگرەوەی دیاریکرا لە سەر هەمان هێڵی خوئی بەشداری کایەی سیاسی نەدەکرد، بەڵام ئایەتوڵلا محەمەد سادق سەدر دەستی کرد بە وتاردانی سیاسی، رژێمی سەدام حسین وای دەبینی کە محەمەد سەدر سۆزی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشاوە و خاوەن جەماوەرە، نوێژی هەینی بوە بە هۆکارێکی کۆبوونەوەی هەزارەها کەس، هەفتانە هانیان ئەدات بۆ ئالنگاری حکومەت و ملکەچ نەبوون بۆی ( البياتي، ٢٠٠٣: ١١٩) لە ١٩شوباتی ١٩٩٩لە شاری نەجەف لە گەڵ دووکورەکیدا تیرۆرکران( علی،٢٠١٦: ١٨٤)

تیرۆرکردنی محەمەد سەدر کاردانەوەی توندی بە دوای خۆیدا هێنا هاوڵاتیانی شارەکانی بە غدا و کازمییە و بەسرەو ناسریە خۆپیشاندانی گەورەیان ساز کرد، هەزارەها کەس لە شاری سەدر( مدينة الصدر) روبەرووی هێزەکانی حکومەت بونەوە، حکومەتی عێراقی زۆربە توندی دژیان وەستایەوە و سەدانی لێ کوشتن ( البياتي، ٢٠٠٣: ١٢٠)،، بە مەبەستی شاردنەوەی بکوژانی راستەقینە تەلەفزیۆنی عێراق بڵاوی کردەوە چوارکەسیان دەستگیرکردوە بە ناوەکانی عەبدولحەسەن عەباس کوفی و سەید ئەحمەد مستەفا موسەوی و عەلی کازم وسان و حەیدەر عەلی حەسان ئەنجام دەرانی تیرۆرکردنی محەمەد سەدرن ( علی،٢٠١٦: ١٨٤).

**٢-٢: گۆڕینی هەڵویستی عێراق بەرامبەر رەوشی مافی مرۆڤ**

لە ساڵی ١٩٩٨ یاسای رزگارکردنی عێراق کە لە لایەن ئەمریکا دەرچوو. گۆڕینی رژێمی سەدام حسێن خرایە بەرنامەی کاری ئەمریکا و لەسەر بنەمای ئەوەی ناتوانێت بە ئاشتی لەگەڵ ئەو حکومەتانە گوزەر بکات کە بە شوێن پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژەوەن و دراوسێکانیان ئەخەنە مەترسییەوە و ئەشکەنجەی هاوڵاتیانی خۆیان دەدەن، پێویستە ئەو رژێمانە لە رێگەی دیبلۆماسیی یان سەربازیی لەناوبەرن۰ (کاپلان ؛ کریستول ، ٢٠٠٧: ١٨٣)لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨ کۆنگرێس بە زۆرینەی دەنگ، رەزامەندی لەسەردا و ئەنجومەنی نوێنەران بە کۆی ٣٦٠ دەنگ پەسەندی کرد و سەرۆکی ئەمریکا بیل کلینتۆن لە ٣١ تشرینی دووەم ١٩٩٨ ئیمزای لەسەر کرد(الخطاب، ٢٠٠٣: ١٨٣)

لە پاش هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەمریکا جەنگی دژی تیرۆر راگەیاند عێراقی خستە چوارچێوەی بەرەی شەڕ، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بوش (٢٠٠١ – ٢٠٠٩ ) رژێمی سەدام حسێنی بە مەترسی دانا و بەردەوام مەترسیەکانی زیاد دەکات کۆشکی سپی لە بەڵگەنامەیەکدا رایگەیاند کە عێراق پێشێلی ١٦ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی کردووە( جعفر ، النعيمي، ٢٠٠٤: ١٦٨)

لەگەڵ دەستبەکاربونی ئەندریاس مافروماتیس داواکاری فەرمی پێشکەش بە نوێنەری عێراق کرد لە نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و داوای فەرمی پێشکەشکرد بۆ سەردانیکردنی عێراق، نوێنەری عێراق خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ دەستنیشانکردن و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و داواکاری سەردانیکردنی عێراق دەگەیەنێتە دەسەڵاتدارانی عێراق (UN, E/CN.4/2000/34:2000)، بەڵام حکومەتی عێراق رەزامەندی نیشان نەدا. لەهەوڵەکانی

بەردەوام بوو لە ٢٩ حوزەیران تاوەکو ٣ تەموز سەردانی کوەیتی کرد لە ١١-١٥ تەموز سەردانی لەندەنی کرد . (UN, A/55/294:2000)

تاوەکو مانگی تەموز ٢٠٠١ حکومەتی عێراق بەڵگەی باوەڕپێکراوی نەخستەڕوو، ئەندریاس مافروماتیس دەستپێشخەرییەکی خستە بەردەم حکومەتی عێراق وتی:" پێشنیار دەکەم وەک هەنگاوی یەکەم نێردەیەکی گەڕان بێردرێت بۆ عێراق لەکاتێک هەردولا ڕێکدەکوین لەسەری، ئەم نێردەیە چەند ڕۆژێک دەمێننەوە، سەرەتا کۆبونەوە دەستپێدەکەن و پەیوەندی سەرەتای لەگەڵ بەرپرسە پەیوەندیدارە عێراقیەکان دەکرێت. پێم وایە ئەم نێردەیە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دروستکردنی متمانە، پێش جێهێشتنم خشتیەک بۆ نێردەکە دادەنێم بۆ هاوکاری لەگەڵ بەرپرسە پەیوەندیدارە عێراقیەکان لە جنێف کۆتایی بە سەردانیکردنەکەم دەهێنم بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا" لەکاتێکدا نوێنەرانی دیبلۆماسی عێراق لە جنێف بەشێوەیەکی نافەرمی نامەکایان بەدەست گەیشت بەڵام ئەندریاس مافروتیس هیچ وەلامێکی دیاریکراوی بەدەست نەگەیشت . (UN, E/CN.4/2002/44:2002) نوێنەری عێراق لە نەتەوەیەکگرتوەکان لە ٢١ کانونی دووەمی ٢٠٠١ لەڕێگەی نامەوە ئەندریاس مافروماتیس ئاگادارکردەوە کەحکومەتی عێراق ڕەزامەندە بەسەردانیکردنی بۆ عێراق لە ٨ بۆ ١١ شوبات، لەئەنجامی کۆبونەوەی لەگەڵ دیبلۆماتەکانی عێراق بۆگفتوگۆی تەواوەتی لەسەر سەردانەکە، ڕێکەوتن لەسەر سەردانەکە لە ١١ – ١٥ شوبات ٢٠٠٢. (UN, E/CN.4/2002/44:2002) .

ئەندریاس مافروماتیس لە ١١-١٥ شوبات٢٠٠٢ سەردانی عێراقی کرد ئەوە یەکەم سەردانی بوو بۆ عێراق دووەم سەردانی بڕیاردەری تایبەت لیژنەی مافی مرۆڤی عێراق لەدوای دروست بونی لەساڵی ١٩٩١.

(UN, E/CN.4/2002/44:2002)

لەسەردانەکەیدا کۆبونەوەی ئەنجامدا لەگەڵ ناجی سەبری وەزیری دەرەوە، منزر ئەلشاوی وەزیری داد، محمود ئەحمەد وەزیری ناوخۆ، سعدی عەباس وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بەربرسانی وەزارەتی دەرەوە، بەرێوەبەرانی پۆلیس، لێپرسروانی بەندینخانەکان، وەزارەتی تەندروستی، سەرۆک و دادوەرانی یەکێک لەدادگکانی بەغدا، دوو کەسایەتی ناسراوی کورد لە بەغدا، سەرۆک و ئەندامانی سەندیکی پارێزەرانی عێراق(UN, E/CN.4/2002/44:2002) .

ناجی سەبری وەزیری دەرەوە ئامادەیی عێراقی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی لیژنەکە، جەختی کردەوە پێشبینی دەکات بڕیاردەری تایبەت دوو پێوەری جیاواز بەکارنەهێنێت و ئەرکەکەی بەشێوەی دادپەروەرانە جێبەجێ بکات، هەروەها ڕایگەیاند ئەو سزایانەی ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر عێراق سەپاندویەتی کاریگەری خراپی لەسەردانیشتوانی عێراق هەیە ڕێگرە لەبەردەم حکومەت بۆ دەستپێشخەری چارەسەری کێشەی مافی مرۆڤ، ئەگەر ئەم سزایانە هەڵبگیرێت هەوڵی زیاتر بۆ بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت(UN, E/CN.4/2002/44:2002) .

هەرچەندە ئامادەکاری کرد بۆ سەردانی دووەمی بەڵام دەرکردنی بڕیاری ١٤٤١ نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە عێراق پێشهاتێکی نوێ بوو لە نزیکەوە بەدواداچونی بۆکرد، کۆبونەوەی تایبەتی ئەنجامدا بەتایبەت لەجنێف و نیویۆرک بە ئامانجی بڕیاردانی کۆتایی لەسەردانی بۆ عێراق(UN, E/CN.4/2003/40:2003) .

ئەندریاس مافروماتیس ئاماژەی بە باشکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی داوە، دوای سەردانەکەی بۆ عێراق داوای لە عێراق کرد زنجیرەیەک چاکسازی جێبەجێ بکات بۆ کۆتایهێنان بە پێشێلکاریەکان وەک لەسێدارەدان لەدەرەوەی چوارچێوەی دادوەری،ئەشکەنجەدان و سزای دڕندانە و نامرۆڤانە و دەربەدەرکردنی هاوڵاتیان و نەبونی دادگایکردنی دادپەروەرانە و نەبونی ئازادی ڕادەربڕین ودروستکردنی کۆمەڵەو ئازادی ئاینی، هەروەها پێشوازی دەکات لە فەرمانی

لێبوردنی گشتی لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ لەلایەن سەرۆک کۆمارە واژۆی لەسەر کرابوو کەسەرجەم زیندانیان ئازاد کران. (UN, E/CN.4/2003/40:2003) .

سەردانی دووەمی ئەندریاس مافروتیس بۆ عێراق لەبەرنامەی کارەکانیدا بوو بەلام بەهۆی هەلومەرجی عێراق سەردانەکەی هەڵوەشاندەوە، هەوڵەکانی لەسەرگفتوگۆیانە بوو لە جنیف لە ٢٧-٣١ کانونی دووەمی ٢٠٠٢ و ٢٥-٢٨ شوباتی ٢٠٠٣ لەگەڵ نوێنەری عێراقلە نەتەوەیەکگرتوەکان و بەئامادەبونی شاندێکی باڵا لەبەشی مافی مرۆڤ لەوەزارەتی دەرەوەی عێراق،ستافی باڵای کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و نوێنەری لیژنەی خاچی سور و ڕێکخراوە نێودەولەتیە حکومیەکان.

کۆبونەوەی یەکەم لە ٢٧-٣١ کانونی دووەمی ٢٠٠٢ ئەنجام درا تیشکخرایە سەر چەندبابەتێکی جۆراوجۆر وەک هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بۆ هەندێک تاوان هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی پەیوەست بە بڕینی دەست و داخکردن،هەڵوەشاندنەوەی دادگای تێهەڵچونەوە ... جێگرەوەیان بە دادگای ئاسایشی دەوڵەت سەربەوەزارەتی داد، هەروەها ژمارەی زیندانیانی سیاسی و دەستبەسەرکراوان کە سودمەندبون لە بڕیاری لێبوردن.

(UN, .E/CN.4/2003/40/Add.1:2003)

کۆبونەوەی دووەم لە ٢٥-٢٨ شوبات ٢٠٠٣ ئەنجام درا گفتوگۆی بەرفراوان بەڕێوەچوو نەک تەنها لەسەر بڕگەکانی بەرنامەی ئاسایی بەڵکو لەسەر بابەتەکانی وەک مافە سیاسیەکان ودیموکراسی فرەحیزبی هەوڵەکانی دیکە بۆ چەسپاندن و ڕێزگرتن لەئازادییە بنەڕەتیەکان و دیلەکانی جەنگ و بێسەرو شوێنەکان و گفتوگۆکردن لەسەر ڕێگاکانی پەیوەست بەسەردانی داهاتووی بڕیاردەری تایبەت بۆ عێراق(UN, E/CN.4/2003/40/Add.1:2003)

ئەندریاس مافروماتیس جەخت دەکاتەوە کە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق هێواش و زەحمەتە، نەبونی کلتوری مافی مرۆڤ و کاراکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان و میکانیزمی کاریگەر بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک دەگەڕێتەوە بۆ ڕژێمێکی پاوانخواز کەساڵانێکە لەلایەن یەک پارتەوە کۆنترۆڵ کراوە، پێویستە کارەکانی داهاتوو زیاتر لەسەر دروستکردنی ژێرخان کە پێویست بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و سەرەتا دانانی دەستورێکی مۆدێرن، دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ، هەروەها ڕێکخراوە ناحکومیەئازادەکان، بەشداریکردنی تەواوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەژێر سیستمی دیموکراسی فرەحیزبیدا(UN, E/CN.4/2003/40/Add.1:2003)

لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ لە ئەنجامی فشارەکانی سەر عێراق و تاوانبارکردنی بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ وهەوڵدانی ئەمریکا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسین، عێراق هەندێک هەنگاوی کرداری نا. بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤ سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان ئەندریاس مافروماتیس لە ڕاپۆرتێکدا کە پێشکەشی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پاش سەردانی عێراق لە شوباتی ٢٠٠٢ ئاماژەی بەوەدا کە عێراق کۆمەڵێک چاکسازی کردوە، ئاستێکی داناوە بۆ لە سێدارەدان لە دەرەوەی دادگا و ئەشکەنجەدان و سزای قورس و نامرۆڤانە، هەروەها خۆشحاڵی دەربڕی بە لێبوردنی گشتی لە ٢٠ تشرینی دووەمی ٢٠٠١ ئازادکردنی سەرجەم بەندکراوەکان.

**دەرئەنجام:**

١- بۆیەکەم جار نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەتی بۆمافی مرۆڤ لەعێراق دروستکرد کە پێشینەی نەبوو لەو وڵاتە و بەتایبەتی لەهاتنی بەعسیەکان بۆ سەردەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨، لەکاتێکدا عێراق ئەم هەڵسوکەوتەی بە پێشێلکردنی سەروەری وڵاتەکەی ئەبینی.

٢- لەپاش دروست بوونی لیژنەی مافی مرۆڤ و چاودێریکردنی عێراق تارادەیەک رەوشی مافی مرۆڤ بەرەو باشتر چوو بەتایبەتی لە سالی ٢٠٠٢ ، عێراق هەندێک یاسای توندی هەڵوەشاندەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کاری پێدەکرا لە ئەنجامی هەوڵەبەردەوامەکانی لیژنەکە بوو لەڕێگەی خستنەڕووی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.

٣- بەووردی دەستنیشانکردنی سەرجەم پێشێلکاییەکان لە سەرچاوە جیاوازەکان لەو ماوە مێژوویەدا لەڕێگەی خستنەڕووی راپۆرتی دوور ودرێژ و پۆلینکردنیان بۆ چەندین بابەتی جۆراوجۆر.

٤- راپۆرتی لیژنەکان سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویە لەسەر ڕەوشی گشتی عێراق بە گشتی و بەتایبەت بۆ کورد، سەرەڕای ئەوەی زانیاری تێدایە لەسەر کوشتن و لەسێدارەدان و وێرانکردنی کوردستان و شاڵاوی ئەنفال هۆکارێکە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی کێشەی کورد.

**پەراوێز:**

١- نەتەوە یەکگرتووەکان سەرجەم نوسراوەکانی لەبریار و راپۆرتی لیژنەکان و کۆنوسی کۆبونەوەکان و نامەی فەرمی وڵاتان دۆکۆمێنت دەکات لەرێگەی لینکی . https://documents.un.org ، پاشان چونە ناوەوە لە رێگەی کۆدی تایبەت بە بریار و راپۆرتی لیژنەکان و کۆنوسی کۆبونەوەکان و نامەی فەرمی وڵاتان، تەواوی نوسراوەکان بە زمانی عەرەبی – ئینگلیزی – فەرەنسی – چینی – رووسی – ئیسپانی بەردەستە( توێژەر).

٢- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەلایەن پارێزەلا بیتر بنیسین لە ساڵی ١٩٦١ لە بەریتانیا دامەزراوە لە دوای ساڵی ١٩٧٠ ئەندامانی رێکخراوەکە زیادی کرد پاش هاتنە ناوەوەی کۆمەڵێک کەسایەتی. بۆزانیای زیاتر بروانە . www.amnesty.org

٣- رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزرا سەرەتا ناوی لیژنەی چاودێری رێکەوتنی هلسنکی بوو،بە مەبەستی چاودێری کردنی رەوشی مافی مرۆڤ بوو لە یەکێتی سۆڤیەت بە گوێرەی  رێکەوتنی هلسنکی. لەسالی ١٩٨١ لیژنەی چاودێری لە لە هەردوو ئەمریکا پێکهات بە مەبەستی ئاشکرا کردنی پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە هەردوو کیشوەری ئەمریکا. لە کیشوەرەکانی تریش لیژنە دروست کرا بە هەمان مەبەست، لە ساڵی ١٩٨٨ هەموو لیژنەکان یەکیان گرت بە ناوی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بارەگاکەی لە نیویۆرک. بۆ زانیاری زیاتر ، www.hrw.org

٤- ماکس ڤان دیرستویل سیاسیەکی هۆڵەندیە لە ساڵی ١٩٢٤ لەهۆڵەندا لە دایک بوە بووە، چەندین پۆستی هەبوە وەک وەزیری دەرەوە وئەندامی پەرلەمان و ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، لە ساڵی٢٠١١ مردوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە. https://openlibrary.org/authors/OL2486841A/Max_van_der_Stoel

٥- روباری سێیەم  مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی بیستەم، یەکێک لەکۆمپانیا ئەمریکیەکان نەخشەی رێرەوەی ئاوی لە نێوان دیجلەو فورات دادەنێت، لە ساڵی ١٩٥٤ رێوەی موسەیب دروست دەکرێت، لەساڵی ١٩٥٩کۆمپانیای هۆڵەندی سەرپەرشتی دەکات، لەساڵی ١٩٦٣کۆمپانیای ماکدۆنال ی بەریتانی دەستی کرد بە دروستکردنی بەشی ناوەراست لە دەریاچەی دلمج بە ئاراستەی ناسریە، کۆمپانیای هولزمان ئەڵمانیای رۆژئاوا وبولسكي زولنرهۆڵەندی بەشی باشووری تەواوکرد، لەساڵی ١٩٩٢ جارێکی تر دەستی پێکردەوە. بۆزانیاری زیاتر بروانە. http://fal-drain.mowr.gov.iq/history

٦-  ابو قاسم کوری عەلی اکبر کوری هاشم کوری تاجەدین، ناسراو بە ابو قاسم خوئی. لە ساڵی ١٨٩٩ لە دایک بوە لە شاری خوی لە هەرێمی ئازەربایجان لە ئێران، لەنەجەف لەلای باوکی خوێندویەتی، سەرپەرشتی حەوزەی زانستی کردوە لە نەجەف، مەرجەع و سەرکردەی شیعەی دوانزە ئیمامیە لە جیهان، لە ساڵی ١٩٩٢ لە نەجەف مردوە. بۆزانیاری زیاتر بروانە، www.alkhoei.net .

٧- عەلی کوری محمد باقر کوری حسینی سیستانیە، لە ساڵی ١٩٣٢ لە مەشهەد لەدایک بوە لەساڵی  ١٩٥١ لە نەجەف نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ بوە مەرجەعی شیعەی دوانزە ئیمام. بۆزانیاری زیاتر بروانە. www.sistani.org

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم – بەڵگەنامەی حکومییەکان:**

١. الوقائع العراقية: عدد ٣٥٢٥، ١٩٩٤/٨/٢٩.

**دووەم– بریارە نێودەوڵەتیەکان:**

٢. UN,S/ RES/660: 1991
٣. UN,S/ RES/661: 1991
٤. UN,S/ RES/678: 1991
٥. UN,S/ RES/686: 1991
٦. UN, A/46/647 :1991
٧. UN, S/23658/Add.1:1992

٨. UN, S/23658:1992
٩. UN, S/24386:1992
١٠. UN,A/55/294:2000
١١. UN, E/CN.4/1991/20:1991
١٢. UN, E/CN.4/1993/45:1993
١٣. UN, E/CN.4/1994/58:1994
١٤. UN, E/CN.4/1995/56:1995
١٥. UN, E/CN.4/1996/61:1996
١٦. UN, E/CN.4/1997/57:1997
١٧. UN, E/CN.4/2000/37:2000
١٨. UN, E/CN.4/2001/42:2001
١٩. UN, E/CN.4/2002/44:2002
٢٠. UN, E/CN.4/2003/40:2003
٢١. UN, E/CN.4/2003/40/Add.1:2003

**سێیەم – پەرتوکە کوردییەکان:**

٢٢. بینگیۆ ، ئوفرا(٢٠١٣): کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و. سۆران مستەفا کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

٢٣. جەلال، هەڵگورد(٢٠١٦): دەروازەیەک بۆ ناسینی جەنگی عێراق – کوەیت، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

٢٤. عزیز ،سەردار، (٢٠١٥): تورکیاو هەرێمی کوردستان چ جۆرە پەیوەندییەک، ژوری توێژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢٥. عەبدوڵلا ، شەماڵ(١٩٩٨): عێراق و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەگرتوەکان، بڵاوکراوەی مەکتەبی ڕێکخستن بەشی ڕوناکبیری، سلێمانی.

٢٦. کاپلان ، لورانس ؛ کریستۆل ،ویلیام:جەنگی عێراق و ستەمکاری سەدام و پەیامی ئەمریکی، و. عبدالکریم عوزێری، بڕوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٧. مستەفا، ئاراس عەبدولڕەحمان،(٢٠١٨): پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکانی کوردستان، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم.

٢٨. مەکیە ،کەنعان( ب ساڵی چاپ ): کۆماری ترس، و. حەمەڕەشید، ب. ناوی چاپ، شوێن.

**چوارەم – پەرتوکە عەرەبیەکان:**

٢٩. البیاتی، حامد (٢٠٠٣): سقوط الشیطان، خطط امریکا و خطط المعارضة العراقیة لاسقاط صدام حسین و مستقبل العراق، طبعة الاولی ، لندن.

٣٠. جعفر، ضیاء جعفر(٢٠٠٤)، نعمان سعدالدین النعیمي: اسلحة دمار شامل، الاتهامات و الحقائق، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت.

٣١. الحرب علی العراق( ٢٠٠٧): یومیات . وثائق . تقاریر ٢٠٠٥.١٩٩٠ ، طبعة الاولی ، مرکزالدراسات الوحدة العربیة، بیروت.

٣٢. الحطاب، علاء هادی(٢٠٠٣): من المعارضة الحکم تجربة المعارضة العراقیة ١٩٦٨-٢٠٠٣، طبعة الاولی،دارالحکمة لندن، بغداد.

٣٣. صاغیة، حازم(٢٠٠٣) : بعث العراق سلطة صدام قیاما و حطاما، طبعة الاولی، دارالساقي، بیروت،.

٣٤. علی، فائق شیخ(٢٠١٦): اغتیال الشعب، طبعة الثانیة، مرکز البحوث و الدراسات الاستراتیجیة، دار الحکمة، بیروت.

٣٥. القصاب،عبدالوهاب عبدالستار(٢٠٠٣): احتلال مابعد استقلال التداعيات الاستراتيجية للحرب الامريكية على العراق، مركزالدراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧.

٣٦. المعموري، يحيى كاظم(٢٠٢١): انتفاضة كوردستان العراق فى ربيع ١٩٩١، جنوب كردستان و بغداد التجربة الكرديه فى مئوية دولة العراق ١٩٢١–٢٠٢١، طبعة الأولى، سەنتەری زاخو بۆ ڤەکۆلینا کوردی، زاخو.

٣٧. مورای،ولیامسون و جونيور ،روبرت هـ، سكايلز(٢٠٠٥): حرب على العراق تأريخ عسكرى ميداني يومي، ت. مركز التعريب والبرمجة، طبعة الاولى، دارالعربية للعلوم، بيروت .

٣٨. نبلوك، تيم(٢٠٠١): العقوبات المنبوذين في الشرق الاوسط، العراق . ليبيا . سودان، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

**پێنجەم:سایتی ئەلیکترۆنی**

٣٩. IRAQ. Human rights violations since the uprising: MDE 14/05/91, 16/July/1991.

٤٠. منظمة العفو الدولية، العراق الحاجة الى نشر مراقبين لحقوق الأنسان: MDE 14/012/2003.